**ئه مڕۆ له بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا :**
**به بەشداری چەندین ڕێکخراوی ئەڵمانی و کەسایەتی ئەکادیمی کارەکانی کۆنفرانسی ئەنفال بەڕێوه دەچێت.**

* له کۆنفرانسەکەدا گوڵناز عەزیز ژنه ئەندامی بەرلەمانی کوردستان له سەر بڕیارو پڕۆژەکانی پەرلەمان سەبارەت به کەیسی ئەنفال قسه دەکات.
* شازاده حسێن محەمەد لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی ڕزگاری( ژنی ئەنفالکراو) ڕدواوەکان لەبەردەم چەندین ڕێکخراوی ئەڵمانیدا وەك خۆی باس دەکات.
* karin Mlodoch ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی هاوکاری ئەڵمانی : دڵنیام بابەتەکەی شازاده حسێنی مێرد ئەنفالکراو کاریگەری دەبێت لەسەر دەروون و ویژدانی تاکی ئەڵمانی.



pukmedia/ ئەڵمانیا – شەهاب عوسمان:
به سەرپەرشتی هەرسێ ڕێکخراوی ئەڵمانی ( HAWKARI e.V. و ZMO Zentraum Modermer Orient و DAVO Deutsche Arbeitsgemeinschaft Vorderer ئەمڕۆ ١٧/ ئەپریل/ ٢٠٠٨ کاتژمێر ١٩ تا ٢١،٣٠ خولەك کۆنفرەنسێکی تایبەت بەیادی ٢٠ساڵەی ئەنفال کارەکانی به پێی بەرنامەیەکی دیاریکراو بەڕێوه دەچێت.. له کۆنفرەنسەکەدا چەندین ڕێکخراوی ئەڵمانی ناسراو و کەسایەتی کوردی و ئەڵمانی و یەکێتی نیشتمانی و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی و چەندین ئەکادیمی بانگهێشتی کۆنفرانسەکه کراون شایانی باسه ڕۆژی سێ شەممەی ڕابوردوو

(گوڵناز عەزیز قادر) ئەندامی پەرلەمانی کوردستان و ئەندامی لیژنەی مافی مرۆڤ و کەیسی ئەنفال و (شازادە حسێن محەمەد) لێپرسراوی کۆمیتەی ژنانی ڕزگاری لە کەلار کە خۆی ژنە ئەنفالەو شایەتی ڕاستگۆی ڕوداوو مەرگەساتەکانی ئەزیزانیەتی لەسەر بانگهێشتی کۆنفرانسەکە و وەك دوژنی چالاکی کورد لە بواری مافی مرۆڤ و ژناندا بانگهێشتی کۆنفرەنسەکە کراون، بڕیاریشە نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانیا بەشدار بێت.. لە پەیوەندیەکی تەلەفۆنیدا پەرلەمانتار گوڵناز عەزیز بە pukmedia ی ڕاگەیاند ئەوان لە ڕێگەی پەیوەندی تایبەتی ڕێکخراوی هاوکاریەوە وەك دووژنی بواری پەرلەمانی و ڕێکخراوی مەدەنی ژنان میوانداری کراون وتیشی ئێمە لەم کۆنفرەنسەدا هەریەکەمان بابەتێك پێشکەش دەکەین. پەرلەمانتار گوڵناز عەزیز لەسەر لیستی سەوز لە پەرلەمانی کوردستان ئەوەشی وت کە ( ١٥ CD) و نەخشەی ناوچە ئەنفالکراوەکانمان و کێسی جینۆسایدمان لەگەڵ خۆمان هێناوە هەوڵ ئەدەین بیگەیەنینە ئەو شوێنانەی کە مەبەستە! ئەوەشی وت کە ڕۆژی چوارشەمە ٤/١٦ بە پێی بەرنامەیەکی پێش وەخت کە لیژنەی سەرپەرشتی کۆنفرەنسەکی دایبوو سەردانی مۆنۆمێنتی (هۆلۆکۆست) مان کرد ئەو مۆنۆمێنتە هێمای قڕکردنی جولەکەکان بوو لەسەر دەستی ئەڵمانیای نازیدا. شایانی باسە نیوەڕۆی ئەمڕۆ دەستەی سەرپەرشتی کۆنفرانس میوانداری زیاتر لە ٢٥ ڕێکخراوی ئەڵمانی کردووە لەوانە میدیکۆ ئینتەر ناشنال و ئینستیۆتی بەرلین و چەندیی تر، وابڕیاریشە کە نوێنەری یەکێتی نیشتمانی و کۆمیتەی ڕێکخستنی ئەڵمانیا و پارتی دیموکراتی کوردستان و حزبی شیوعی کوردستان و دوو نوێنەری وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی ئامادەی دا نیشتنەکەبن ، Karin Mlodoch ئەندامی سەرکردایەتی ڕێکخراوی هاوکاری e.V مۆڵەتپێدراوی ئەڵمانی کە ماوەیەکی زۆرە لەکوردستان چالاکی کاری خزمەتگوزاریان هەیە و کەشێکی دڵسۆز و خەمغۆرو دۆستی کوردە بە شێوەیەك کە هەموو کێشەو مەرگەساتەکان بە هی خۆی دەزانی و کاری بۆ دەکات، بەتایبەتی لەناوچەی گەرمیان، کارین بە pukmedia ی ڕاگەیاند کە مەبەست لە بەستنی ئەم کۆنفرانسەو دانیشتنی نارەسمی نیوەڕۆ بۆ ئەوەیە لەگەڵ زیاتر لە ٢٥ ڕێکخراوی ئەڵمانیدا ئاڵ و گۆڕی بیرورا بکەن بە مەبەستی ئامادەباشی بۆ ناو کۆنفرانس، بیرکردنەوەو گەڵاڵەکردنی بڕیاریك تا بزانین وەك ئەو وتی چی لەتوانادایە بە هەموومان بۆ پاشماوەی قوربانیانی ئەنفالی بکەین (کارین) وتیشی ئێمە لە دەستپێکی کۆنفرانسەکەی ئەمڕۆدا فلمێکی دیکۆمێنتی پێشان دەدەین لەسەر ئەنفال جگە لە هەردوو ژنە کورد گوڵنازو شازادە حسێن کە من پێم وایە بابەتەکانیان زۆر گرنگ دەبێت بەتایبەتی شازادە وەك شایەتێکی ڕاستەقینەی ئەنفال و ژنە ئەنفالکراوێك دڵنیام کە کاریگەری لەسەر وێژدان و هزرو بیری ڕێکخراوە ئەڵمانیەکان دروست دەکات ، جگە لەمانەش چەند پسپۆڕو ئەکادیمیەك لە ئەڵمانیاو ئێرلەنداو بەریتانیاوە بەشداری دەکەن .. پێویستە بشوترێت لە چوارچێوەی بەرنامەی ئەنفال دا هەردوو ژنە کوردی بەشدار بوو ڕۆژی دووشەمەی داهاتوو لە میوانداری شاری فرانکفۆرت دا لەبەردەم نزیکەی ٣٠ ڕیکغراوی ئەڵمانیدا سەبارەت بە پەرلەمانی کوردستان و کەیسی ئەنفال و مافی مرۆڤ و ئەو بڕیارو پڕۆژەوە خزمەتگوزاریانەی کە کراون و کە لەداهاتودا دەکرێن بۆ بەشدار بووان قسە دەکەن لە لایەکی ترەوە باس لە پرۆسەی کۆمەڵکوژی ئەنفال و جینۆسایدی زیاتر لە ١٨٢ هەزار کەسی بی گوناە لە منداڵ و ژن و پیرو گەنج و پەك کەوتە دەکەن. لە ڕاپۆرتی داهاتودا کارەکانی کۆنفرانس بخوێنەوە.

سەبارەت بە کات و شوێنی بەستنی کۆنفرانسەکە  تا کوردانی دانیشتووی بەرلین بە تایبەتی ڕوناکبیران و پسپۆڕانی بوارە جیاجیاکان لەگەڵ ڕیکخراوە ئەڵمانیەکاندا باشتر  ئامادە بن فەرموون لەگەڵ ئەدرێسی کۆبوونەوەکە:

ewalt, Erinnerung und Aufarbeitung im Irak.
20 Jahre nach den Anfal-Operationen in Kurdistan.
Die Perspektive der Überlebenden.
Donnerstag, den 17. April 2008, 19.00 bis ca. 21.30 Uhr
Ort: Galerie der Heinrich Böll Stiftung, Rosenthaler Str. 40/41, 10178 Berlin



This document was created with Win2PDF available at http://www.win2pdf.com.
The unregistered version of Win2PDF is for evaluation or non-commercial use only.
This page will not be added after purchasing Win2PDF.